# الانشقاق عن صفوف القيادة المؤقتة للحزب الديمقراطي الكردستاني وانعكاس ذلك على علاقاته السياسية، على سبيل المثال، مع الحزب الديمقراطي الكردستاني خلال الفترة ١٩٧٦-١٩٨٦

**دلاوەر محمد صديق احمد**
قسم التاريخ، كليةئاداب ،جامعة سلاح الدين ،اقليم كوردستان- العراق
dilawar.muhammadsadeeq@auas.edu.krd
**پ.د.اسماعيل محمد حەساف**
قسم التاريخ، كليةئاداب ،جامعة سلاح الدين ،اقليم كوردستان- العراق
Ismail.hassaf@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: القيادة المؤقتة ،تيار اليمين ،تيار اليسار ،الانشقاق،بادينان

## كيفية اقتباس البحث

احمد , دلاوەر محمد صديق , اسماعيل محمد حەساف, الانشقاق عن صفوف القيادة المؤقتة للحزب الديمقراطي الكردستاني وانعكاس ذلك على علاقاته السياسية، على سبيل المثال، مع الحزب الديمقراطي الكردستاني خلال الفترة ١٩٧٦-١٩٨٦,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# A WIDE VARIETY OF MOVEMENT PATTERNS FOR THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY. THE REFLECTION OF THIS IS IN RELATION WITH POLITICS, FOR EXAMPLE, WITH THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY DURING THE PERIOD 1976-1986

**Dilawar Mohammed Siddiq Ahmed**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Iraqi Kurdistan Region**
dilawar.muhammadsadeeq@auas.edu.krd
**Prof. Ismail Mohammed Hasaf**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Iraqi Kurdistan Region**
Ismail.hassaf@su.edu.krd

**Keywords** : INTERIM LEADERSHIP, RIGHT-WING FACTION, LEFT-WING FACTION, SPLIT, BADINAN

**How To Cite This Article**
Ahmed , Dilawar Mohammed Siddiq , Ismail Mohammed Hasaf ,A WIDE VARIETY OF MOVEMENT PATTERNS FOR THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY. THE REFLECTION OF THIS IS IN RELATION WITH POLITICS, FOR EXAMPLE, WITH THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY DURING THE PERIOD 1976-1986) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص:
تمثل الفترة بين عامي ١٩٧٦ و١٩٨٦ مرحلة جديدة في تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني. خلال هذه الفترة، مرّ الحزب بمرحلتين. الأولى في سبتمبر ١٩٧٦، وتُعرف بالقيادة المؤقتة. بعد انتكاسة ثورة أيلول (سبتمبر) في مارس ١٩٧٥، أعاد الحزب تنظيم نفسه ضمن إطار حديث يُعرف بالقيادة المؤقتة لاستئناف النضال ضد الحكومة العراقية.إلا أن ظهور خلافات أيديولوجية وسياسية وشخصية أدى إلى انقسام الحزب إلى تيارين متباينين (اليمين بقيادة إدريس بارزاني واليسار بقيادة سامي عبد الرحمن). ورغم التدخلات السياسية التي قام بها مسعود بارزاني لتهدئة هذه التوترات، استمرت الانقسامات الداخلية. بلغ هذا ذروته خلال مؤتمر الحزب الديمقراطي الكردستاني في نوفمبر/تشرين الثاني ١٩٧٩،

عندما انشق الجناح اليساري رسميًا لتأسيس منظمة جديدة تُسمى الحزب الديمقراطي الشعبي الكردستاني.أما الفترة الثانية، بين عامي ١٩٧٩ و١٩٨٦، فتُعرف بفترة النهضة. شهدت هذه الفترة تقلباتٍ وأحداثًا هامة وغير مرغوبة. خلال هذه الفترة، شكّل الانقسام في صفوف الحزب الديمقراطي الكردستاني وانعكاساته على العلاقة بين الحزبين جانبًا هامًا من تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني.تهدف هذه الدراسة، بعنوان "الانشقاق داخل صفوف الحزب الديمقراطي الكردستاني وانعكاساته على العلاقات السياسية: الحزب الديمقراطي الشعبي الكردستاني كدراسة حالة (١٩٧٦-١٩٨٦)"، إلى تقديم تحليل تاريخي موثق. تبحث الدراسة في الأسباب الكامنة وراء الانقسام، وتدرس كيف أعاد هذا التشرذم تشكيل الديناميكيات والتفاعلات السياسية بين هذين الكيانين.

ABSTRACT:

THE PERIOD BETWEEN 1976 AND 1986 REPRESENTS A NEW PERIOD IN THE HISTORY OF THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY (PDK). DURING THIS HISTORICAL PERIOD, THE PDK PASSED THROUGH TWO PERIODS. THE FIRST PERIOD IS IN SEPTEMBER 1976, IT IS KNOWN AS PROVISIONAL LEADERSHIP. FOLLOWING THE SETBACK OF ( NISCO) OF AYLUL (SEPTEMBER) REVOLUTION OF IN MARCH 1975, THE KDP REORGANIZED ITSELF UNDER A MODERN FRAMEWORK KNOWN AS THE PROVISIONAL LEADERSHIP (PL) TO RESUME THE STRUGGLE AGAINST THE IRAQI GOVERNMENT.

HOWEVER, THE EMERGENCE OF IDEOLOGICAL, POLITICAL, AND PERSONAL DISPUTES LED TO THE CRYSTALLIZATION OF TWO DIVERGENT CURRENTS (THE RIGHT WING LED BY IDRIS BARZANI AND THE LEFT WING LED BY SAMI ABDULRAHMAN). DESPITE POLITICAL INTERVENTIONS BY MASOUD BARZANI TO MITIGATE THESE TENSIONS, INTERNAL DIVISIONS PERSISTED. THIS CULMINATED DURING THE KDP'S CONGRESS IN NOVEMBER 1979, WHEN THE LEFT WING OFFICIALLY DEFECTED TO ESTABLISH A NEW ORGANIZATION CALLED THE KURDISTAN PEOPLE'S DEMOCRATIC PARTY (KPDP.(

THE SECOND PERIOD IS BETWEEN1979 AND 1986 KNOWN AS THE PERIOD OF REVIVAL. THIS PERIOD HAS SEEN UPS AND DOWNS AND IMPORTANT AND UNWANTED EVENTS. DURING THIS PERIOD, THE SPLIT IN THE RANKS OF THE PDK AND ITS REFLECTION ON THE RELATIONSHIP BETWEEN THE PDK AND THE PDK CONSTITUTES AN IMPORTANT ASPECT OF THE HISTORY OF THE PDK.

THIS STUDY, TITLED "THE SCHISM WITHIN THE RANKS OF THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY AND ITS REFLECTIONS ON POLITICAL RELATIONS: THE KURDISTAN PEOPLE'S DEMOCRATIC PARTY AS A CASE STUDY (1976–1986)," AIMS TO PROVIDE A DOCUMENTED HISTORICAL ANALYSIS. IT INVESTIGATES THE UNDERLYING CAUSES OF THE SPLIT AND EXAMINES HOW THIS FRAGMENTATION RESHAPED THE POLITICAL DYNAMICS AND INTERACTIONS BETWEEN THESE TWO ENTITIES.

# کەرتبوون لە ڕیزەکانی سەرکردایەتی کاتی -پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەرپەیوەندییە سیاسییەکانی بەنموونە لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە ماوەی 1976- ١٩٨٦

**دلاور محمدصديق احمد الزيبارى**
بەشی مێژوو، کۆلێژ ئاداب ، زانکوی سەلاحەددین ،هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق
dilawar.sadeeq@su.edu.krd
**پ.د.اسماعيل محمد حەساف**
بەشی مێژوو، کۆلێژ ئاداب ، زانکوی سەلاحەددین ،هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق
Ismail.hassaf@su.edu.krd

پوختە:
ماوەی ساڵانی(1976- 1986)دا بەقۆناغێکی نوێ لە مێژووی (پارتی دیموکراتی کوردستان-پدك) هەژمار دەکرێت، لە نێو ئەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا (پدک) دوو قۆناغی بڕیوە، یەکەمیان ماوەی ساڵانی( ١٩٧٦- ١٩٧٩) کە بەقۆناغی (سەرکردایەتی کاتی-س.ک) ناسراوە، لەگەڵ ئەوەی (پدک) بە هۆی نسکۆی شۆرشی ئەیلول لەئاداری 1976، دووبارە بەشێوەیەکی نوێ و هاوچەرخانە لە فۆرمێکی نوێدا خۆی ڕێکخستنەوە لەژێر ناوی (س.ک) ،دەستی دابووە خەباتێکی توند دژ بە حکومەتی عێراق، لە ئەنجام بەهوی دەرکەوتنی ناکۆکی و هزری و سیاسی و کەسی دوو ئاراستەی جیاواز (باڵی ڕاست بەسەکردایەتی ئیدریس بارزانی و باڵی چەپ بەسەرپرشتی سامی عەبدولرحمان) لەنێو (س.ک)،کۆمەلێك کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی نەخشەی خەباتی ئەوپارتە دروستبوو، وێرایی هەوڵەکانی مەسعود بارزانی لەگرتنە بەری هەندێك ڕێکاری سیاسی، نەیتوانی سنوورێك لەبەردەم دابەشبوونی (پدك) دابنێ. دواجار لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی ئەو کێشانە لەسەروبەندی کۆنگرەی (پدك) لەتشرینی دووەمی 1979 باڵی چەپ لەنێو (پدك) خۆیان جیاکرایەوە و دواتر لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی نوێ بەناوی (پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان-پدگک) خۆیان ڕێکخستنەوە، دووەمیان ماوەی ١٩٧٩ تا ١٩٨٦ بەقۆناغی بوژانەوەی (پدك) دەناسرێت، تیایدا پارتی چەندین هەڵکشان و داکشان و ڕووداوی گرنگ و نەخوازراوی بەخۆیەوە بینیوە. لەم ماوەیە دیاریکراوەدا کەرتبوون لە نێو ڕیزەکانی (س.ک) و ڕەنگدانەوە لەسەر پەیوەندی (پدك) لەگەل (پدگک) لایەنێکی دیارو گرنگی مێژووی (پدك) پێکدەهێنێت، ئێمەش لەم سونگەیەوە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە مێژووییە (کەرتبوون لە ڕیزەکانی سەرکردایەتی کاتی -پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەرپەیوەندییە سیاسییەکانی بەنموونە لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە ماوەی 1976- ١٩٨٦) مان دانا وەک ناونیشانی توێژینەوەکە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بە بەڵگەیی مێژوویی هوکاری کەرتبوون لە نێو ڕیزەکانی (پدک) ورەنگدانەوە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەو دوو پارتە سیاسیەدا دەربخەین.

کلیلی ووشە: سەرکردایەتی کاتی – باڵی ڕاست – باڵی چەپ – کەرتبوون - بادینان

پێشەکی:
گرنگی توێژینەوە: گرنگی لەوەدایە کە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادییمی مێژووی تایبەت بەو ناونیشانەی ئاماژەمان پێکراوە نەنووسراوە، توێژینەر لەپێناو دەرخستن و ڕوونکردنەوەی هوکارەکانی کەرتبوون لەنێو ڕیزەکانی(پدک) ورەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (پدگک) ، خستنەڕووی ئەو ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و سەربازییانەی پەیوەست بەو ماوە مێژووە ئەم توێژینەوەی ئەنجام داوە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ماوەی توێژینەوە: چوارچێوەی ماوەی توێژینەوەکە تەنها تیشك دەخاتە سەر دەرکەوتنی ناکۆکی وململانێ لەنێو(س.ک)، ڕەنگدانەوەی لە سەر پەیوەندییەکانی (پدك) لەگەڵ (پدگک) لە ماوەی( ١٩٧٦ - ١٩٨٦)داکە بەقۆناغێکی گرنگی لە مێژووی هەردوو پارت دادەنرێت.

ئامانج و مەبەستی توێژینەوە: ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕاستی و دروستی پەیوەندییەکانی (پدك )ە لەگەڵ (پدگک)، و ڕەنگدانەوە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژوویەی بزاڤی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق.

ڕێباز (میتۆد)ی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی داوە پشت بەڕێبازی توێژینەوەی زانستی مێژووی ببەستێت کە لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و خستنەڕووی ڕاستیەکان سەرچاوەی گرتووە، هەروەها سەرنج و ڕەخنە و بۆچوونی تایبەتی خۆی بەپێی پێویست خستۆتەڕوو.

گرفتەکانی توێژینەوەکە: هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە وەك توێژینەوەیەکی زانستی لە کۆسپ و ئاستەنگ بەدەرنەبووە، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی توێژەر بۆتەوە هەمەجۆرن، لەسەرووی هەموویانەوە دەست نەگەیشتنی توێژەر لەهەندێك بەڵگەنامە و یاداشت و بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیوەندی نێوان (پدك) و (پدگک)، بۆیە هەندێك لایەنی باسەکە بەناڕووی ماوەتەوە، هەروەها گرفتێکی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەن کە سەرچاوەی پێویست بۆ ووردکردنەوەی زانیارییەکان و دەرخستنی زانیاری نوێ، بەڵام بەبیانووی هەستیاری پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکان و بارودۆخی ئێستای کوردستان، بەشێك لەو کەسانەی کە خۆیان لە نێو ڕووداوەکانی ئەو کاتە ژیان و ڕۆڵیان لە ڕووداوەکان هەبووە و دەرفەتیان بە توێژەر نەداوە چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا ئەنجام بدا. ئەمەش هۆکار بووە توێژەر پشت بەگێڕانەوەی کلاسیك و زانیاری بڵاوکراو ببەستێت ئەمانە و چەند گرفتێکی تر وایکرد هەندێك لایەنی توێژینەوەکە شاراوەبێت مۆرکی لایەنگیری و گومانی لەسەر بمێنێتەوە.

ناوەڕوك و پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە،پێشەکییەکە بریتیە لەخستنەڕوویەکی خێرایی ناوەڕۆکی توێژینەوە، و باسکردنە لەگرنگی و ئامانج و گرفتەکانی توێژینەوەکە، تەوەری یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە بارەی (چۆنیەتی سەرهەڵدانی کەرتبوون لەنێو سەرکردایەتی کاتی –پارتی دیموکراتی کوردستان١٩٧٦-١٩٧٩، و ڕەنگدانەوە لەسەر چارەنووسی پارتی ) لەوماوە دیاری کراوەدا،تیادا تیشک خراوەتە سەر ململانی و ناکۆکی نێو خوی سەرکردایەتی کاتی –پارتی،کارگەری لەسەر ئایندەی ئەوپارتە.تەوەرەی دووەم: لەبارەی (چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان )خراوەتە بەرباس، تیایدا تیشکیان خراوەتە سەر چونیەتی هاتنە دەرەوەی باڵی چەپی لەنێو گونگرەی نویەمی پارتی و دروستبوونی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان .تەوەری سێیەم: تایبەت کراوە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی **(پارتی دیموکراتی کوردستان وپارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ١٩٨١-١٩٨٦)**،لەم ماوەیەدا توێژەر دوور لە کەوتنە ژێر کاریگەری پێشهات و تێڕوانیینە سیاسییەکان، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پارت بەپشت بەستن بەسەرچاوەی مێژووی و زانستی هەمەچەشن خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە.سەرچاوەکانی توێژینەوەکە: ئەو سەرچاوانەی لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ بینراوە جۆراوجۆرن، لەوانە بەزمانی کوردی و عەرەبی، بەزۆریش بریتین لە پەرتووکی بیرەوەری و یاداشت، سەرچاوەی زانکۆی (نامە ماستەر و دکتۆرا)، ڕۆژنامە و گۆڤار...تاد، هەموو سەرچاوەکانیش لە لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو، ئەو سەرچاوانەی زانیاری گرنگی بەتوێژینەوەکە بەخشیوە بریتین لە: (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٧٥- ١٩٩٠،ب١ و٢) هی (مەسعود بارزانی)ە، (ڕۆلی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩١)) نوسەرەکەی (دلاور محمد زیباری)یە، (کەرتبوون لەنێو پارتە سیاسیەکان لە باشووری کوردستان1976-1988)هی (کاوە طیب جەلال)، (بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی

عیراق لەساڵەکانی جەنگی عیراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)) نوسەرەکەی (د.علی تەتەر)ە،(من مذكراتي) هی نوری شاویس . (التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦-٢٠٠١ ) هی (صلاح الخرسان)ە، ئەمانە وچەند سەرچاوەی تر کە زانیاری بەتوێژینەوەکە بەخشیووە، توێژەر کەڵکی زۆری لێوەرگرتووە.

تەوەری یەکەم: چونیەتی سەرهەڵدانی کەرتبوون لەنێو سەرکردایەتی کاتی –پارتی دیموکراتی کوردستان١٩٧٦-١٩٧٩

لەسەرەتای رێکخستنە نوێیەکەی(پدک)لەچوارچێوەی ( س.ک) تێکەڵەیەکی ئایدۆلۆجی جیاواز بەدیار دەکەوێت، (کۆنفرانسی پارتی لە (١١ – ١٥)ی ئاب ١٩٧٦، ل ٢٢)سێ ئاراستەی جیاواز لەناو دەستەی دامەزرێنەری ئەم پێکهاتەیە پەیدادەبن ئەوانیش :

- ئاراستەی ڕاسترەو لە لایەن ( ئیدریس بارزانی ) یەوە سەرکردایەتی دەکرد
- ئاراستەی چەپڕەو لە لایەن ( سامی عبد الرحمان ) ەوە سەرپەرشتی دەکرد
- ئاراستەی نەتەوەی نشتیمانی لەلایەن ( مەسعود بارزانی ) یەوە بەرێوەدەبرد (اسماعیل، ٢٠١٤ ، ل ١١٦).

جیگای باسە پێکەوە هەڵنەکردنی ئەم ئاراستە جیاوازانە لە کۆنفرانسی بەرلین لە(١١-١٦ ئابی ١٩٧٦)بە ئاشکرا بە دیار دەکەوێت کاتێک نامیلکەیەک لەژێر ناوی ( رێبازی بزاڤی رزگاریخوازی کورد – الطريق الحركة التحررية الكردية ) لە لایەن ئاراستەی چەپڕەوئامادەکرا (دەستەیی ئینسکلوپیدیای ( پ.د.ک )، ٢٠٢١ ، ل ٣٧٥)لە ناوەرۆکدا نامیلکەیەکی رەخنەیی بوو، (بارزانی ، ٢٠٢١ ، ل ٤٦)ئاراستەی چەپرەو پێیان وابوو رێبازی بارزانی بۆ ئەم قۆناغە ناتوانێت خزمەتی کوردبکات بۆیە لەم رووەوە دژایەتیەکی توندیان دەکرد (عبدالرحمن ، ٣٠/٢٦- تموز ١٩٨١،ص ٤٢)جیگای باسە لە ئاکامی کۆنفرانسەکە سامی و لایەنگیرانی کە زۆربەی ئەندامانی ( س.ک ) لەخۆ دەگرت ، توانیان چەسپاندنی رێبازەکەی بە ئەنجام بگەیەنن (شاویس ، ب.س ، ص ص ٩١-٩٢)لەمەدا وێنەیەکی چەپی بە ( س.ک) بەخشی. (عبدالرحمن ، ١٩٩١ ، ص ٣١)لە کۆنفرانسەکەدا بەدیار دەکەوێت بەهۆی نەخۆش کەوتنی بارزانی و مانەوەی مەسعود بارزانی لەگەڵ باوکیدا لە ئەمریکا هەروەها سەرقاڵبونی ئیدریس بارزانی بە ژیانی پەنابەران لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئامادەکارییەکانی بۆ خەباتی چەکداری ، باڵی چەپرەو بریارەکانی خۆیان سەپاندووە (ئەبوبەکر؛خەیلانی ، ٢٠١٤، ل ١١٩)،هاوکات بەهۆی ئەوەی باڵی ڕاسترەو قورسایەکی سیاسی ئەو تۆیان نەبوو ، باڵی چەپرەو هەوڵیان داوە سود لە کۆنفرانسەکە وەربگرن، لەسەر ئەم بنەمایە چەند کەسێکی تری چەپ لەوانە:(ئازاد خەفاف و وریا ساعاتی و عەبدولرەحمان پێداوی ... هتد) ، بەمەرجی گەرانەوە بۆ کوردستان شەرعیەتیان پێداوە و بەفەرمی وەک ئەندامانی ( س.ک ) جێگیر کران، (بارزانی ، ل ٥٤)لێرە بەدواوە بەئاشکرا ئاماژەکانی خۆ نەگونجاندن ، نیشانەکانی پەرتەوازەیی لەنێو ( س.ک) دەردەکەون،بەتایبەتی کاتێک ئەمانە دەگەرێنەوە بۆ کوردستان ململانێیەکی توند لە نێو ئەو دوو باڵەدا دەسپێدەکات (چاو پێکەوتن لەگەڵ شەفیق قەزاز ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١٢/١٩)، ئیتر لەو کاتەدا ئەگەر سەرەنج بدەین هاوسەنگی هێز بەلای باڵی سامی لاسەنگ دەبوو ،هاوکات لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ ئەو کادیرانەی کە لە کۆنفرانسی بەرلین وەک ئەندامی (س.ک) زیاد کرابوون بە مەرجی گەرانەوە بۆ نێو خەباتی چەکداری وەک لەمەوبەر باسکرا ، دەگەرێنەوە کوردستان وەک باڵێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان دەکرد، رازی نابن کار بە بریارەکانی ( دەزگای سەربازی شۆرش ) کە لە لایەن ( ئیدریس بارزانی ) یەوە سەرپەرشتی دەکرا بکەن، (عبدالرحمن ، ص ص ٢٤-٢٥)لە لای خۆشیانەوە کورانی بارزانی ترسیان لە پێگەو دەسەڵاتیان هەبوو کە لە داهاتوودا کۆنترۆلی ( پدک )یان لەدەست دەربچێت (کوچێرا ، ٢٠١٣ ، ل ٦٤)لە راستیدا ئاماژەکان هەروابوون ، بۆیە دەبینین ئیدریس بارزانی لەپێناو پارێزگاریکردنی لە دەسەڵاتە بۆ ماوەیەکان ، لەسەر داوای مەسعود بارزانی (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی ، میحوەری باشیک ، ٢٠١٦/٣/٢٠)،لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧ چەند فەرماندەیەکی شۆرشی ئەیلول بەرەو کوردستانی عێراق

ناردەوە ، هەڵبەت دوای ماوەیەک لە گەیشتنی ئەمانە بۆ کوردستان، بە تایبەتی کاتی سامی لە پایزی ١٩٧٧ لە ( لەندەن)ەوە دەگەڕێتەوە کوردستان ، (متين، مجلة ، ع : (٥) ، شباط ١٩٩٦ ، ص٨١ )کێشەکانیان لە مەیدانی خەبات لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە توندتر دەبێت بەجۆرێک هەڵوێستی سامی تەنیا لە چوار چێوەی هزری خۆی نەدەنواند بەڵکو لەو کاتەدا بە ئاراستەی وەرگرتنی دەسەڵات و سەرکردایەتی خەباتی چەکداری دەچوو ئەو کادیرانەی کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سامی هەبوو وەک:( کەریم شەنگاری و وریا ساعاتی و عارف تەیفور و... تاد) ، لەگەڵ ئەوانەی کەلە لایەن ( ئیدریس بارزانی ) یەوە ڕەوان کرابوونەوە کە پێشتر ئاماژەمان بە ناوەکانیان کردووە ،ملکەچ و گوێڕایەلی یەکترنەبوون بە جورێک وای لێهاتبوو کە چاوەڕوانی جیابوونەوەی لێ بکرێت ، (محمد ، ٢٠١٩ ، ل ٢٥٦ )سامی پێی وایە ئەو پۆلە پێشمەرگە و کادیرە سیاسیەی کە لەلایەن ئیدریس بارزانی ڕەوانەی کوردستان کرابوونەوە بە ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ دەزگای (ساواک ) ی ئیرانی بووە ، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ڕێنوینی دەکران و پارەو کۆمەکیان تەرخان کرابوو بۆ کرینی چەک و برینەوەی یارمەتی مانگانە بۆ خێزانەکانیان (عبدالرحمن ، ص ص ٢٤و ٢٦)بەڵام دەبینین لەوکاتەدا ئیران لەبەرفراوانبوونی چالاکییەکانی شوڕش نیگەران بووە بە بەڵگەی ئەوە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ واتا چەند رۆژێک بەر لەوەی ئەو کۆمەڵە کادیرانەی ڕەوانەی کوردستان بکاتەوە، داوا لە ئیدریس بارزانی دەکات کە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا نەهێلێت و ناردنی هێزی هاوکاریش رابگرێت (نێروەیی، ٢٠٠٨ ، ل ٩٢)هەروەها لەو سەروبەندە دا ٣٢ ئەندامانی (س.ک)لە لایەن ( دەزگای ساواک ) ەوە گیراون ، بەر لەوەش مەسعود بارزانی بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر زیندانی دەکرێ دواتر لە ژێر فشارەکانی ئیران ناوبراو ڕوو لە دەرەوە دەکات (کوچێرا ، ٢٠١٣ ، ل٦٢-٦٥).بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە سالی ١٩٧٧ سەرەرای ئەو ئەزمونە تاڵەی کە لەگەڵ ئیران هەیبوو ، بە پێچەوانەی بەرنامەی نوێی ( س.ک (کۆنفرانسی بەرلین سەرکردایەتی کاتی پارتی – ئابی ١٩٧٦)ئدریس بارزانی دووبارە دەست دەکاتەوە بە دامەزراندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیران ، بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان پێیان وایە بوونی هەڵومەرجی سەختی ئەو کاتی ئاوارەکانی کورد لە ئیران نەدەکرا ئیدریس بارزانی دژایەتی ئیران بکات.(١)(چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم یونس رۆژبەیانی ، میحوەری باشیک ، ٢٠١٦/٣/٢٠)هەڵبەت ئەوەی ئاماژەمان بۆی کردووە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جۆرێک لە پەیوەندی هەبوو لە نێوان ئیدریس بارزانی وئیران نەک لەو ئاستەی کە (سامی) ولایەنگیرانی لە ئەدەبیاتی خۆیاندا پروپاگەندەیان لەسەر کردبوو. بۆیە دەبینین ئەم ڕووداوانە پەیوەندی نێوخۆی (س.ک) بەرەو ئاڵوزی زیاتر برد بە شێوەیەک (سامی) لەو بڕوایەدابوو مستەفا بارزانی ڕۆلی سەرۆکی نەماوە خۆی لەشوێنی ئەو دادەنا ، (عيسى ، ٢٠٠٥ ، ص ص ٣٨٨-٣٩٤)تەنانەت وەک ئەوەی لە ئەدەبیاتی (س.ک ) کەباڵی چەپڕەو بەسەریدا زاڵبووە ،بەدیاردەکەوێت ئەمانە هەوڵیانداوە کە بەهیچ جۆرێک نیشانی نەدەن خۆیان پەیوەندی بە بارزانی و قۆناغی پێشوی (پدک )ەوە هەیە بۆ نمونە لە ٦ ئاداری ١٩٧٦ بە بۆنەی سالێک بەسەر ریکەوتنامەی جەزائیر (ح.د.ک – ق.م، بیان ، " بمناسبة مرور عام اتفاقية ٦اذار الخيانية " ، في ٦ أذار ١٩٧٦)وە هەروەها لە ٢٦ ئایاری ١٩٧٧ بە بۆنەی سالێک بەسەر شورشی ٢٦ ئایاری ١٩٧٦ ، بەیانیان بڵاوکردەوە بە وردبونەوە لە ناوەرۆکیان لە هیچ لەم دوو بەیانەدا باس لە مستەفا بارزانی و ڕۆڵی لە بزاڤی گەلی کورد نەکراوە بەڵکو زیاتر ناوەرۆکیان بانگەشە و مورکێکی جیاخوازی پێوەدیار بوو. (ح.د.ک – ق.م، بيان ، " تحية الى ثورة أيار الوطنية التقدمية في ذكراها الأولى "، في ٢٦ أيار ١٩٧٧)شایەنی باسە جگە لەوەی باسکرا، پرسی دارایی ( خەرجی و داهات ) ی (س.ک) کەلەلایەن ئیدریس بارزانییەوە دابین دەکرا یەکێکی تربوو لە کێشە ناوخۆیەکان ، باڵی چەپڕەو ڕەخنەیان لە ناوبراو هەبوو پێیان وابوو وەکو پێویست یارمەتیان نادات، هەروەها ئاگادار نین لە چەندایەتی داهات و چۆنیەتی خەرجکردنی (محمد ، ٢٠١٩ ، ل ٢٥٢)، ئەمەش وەکو کێشەیەکی ناوخۆی چارەسەرنەکراو مایەوە دەرئەنجامی خراپیان بە دوای خۆیدا هێنا بە تایبەتی لە سالی ١٩٧٩ باڵی چەپڕەو کەسایەتی (شێخ محمد هەرسین) تۆمەتبار کرا بەدەست بەسەرداگرتنی یەک ملیۆن دیناری شوڕش کە بارزانی

کاتی خۆی گەڕانبووەوە بۆ ئێران ، دواتر لەلایەن هەریەک لە:(کەریم شەنگاری و جەوهەر نامیق) خرابووە بەر لێکۆڵینەوەو دواتر ناوبراو لە ڕووداوێکی تەم ومژاوی کوژرا، (الخرسان، ٢٠٠١، ص ٢٥٢)لەم بارەوە باڵی ڕاسترەو تۆمەتی کوشتنیان دایە پاڵ ئەمانە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولا ئاگرین ، هەولێر ، ٢٠٢٤/١١/١)ئیتر بەو هۆیەوە لەگەڵ بەردەوامی کێشەکانی نێو ( س.ک) پتر پەرەیان سەند ، دوو باڵی دژ بەیەک لە مەیدانی سیاسی و چەکداری لێکەوتەوە. جگە لەمانەی ئاماژەپێکراوە، هۆکارو پاڵنەری دەرەکیش ڕێگە خۆشکەربوون لەبارەی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێو (س.ک) لەوانە: پرسی دەست وەردانی سامی لە کاروباری پارتە سیاسیەکانی باکوری کوردستان بە گشتی و (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) بە تایبەتی ، وەکو نمونە لە هاوینی سالی ١٩٧٧ پارتی ناوبراو لە چیاکانی هەکاری لە باکوری کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێو ڕێکخستنەکانی ، چوارەمین کۆنگرەی خۆیان گرێدا (فەتاح ، ٢٠١٢ ، ل ١٩٤) لەم نێوەندەدا باڵی چەپڕەوی(س.ک)کەوتە پشگیری باڵی چەپی (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا)، (یوسف ، ٢٠٢٠ ،ل ٧١)هێنانە پێشەوەی( مستەفا فەیسەل ) وەک سکرتێری پارتی ناوبراو (بارزانی ،ل ٣٦٦)هەندێ سەرچاوە پێی وایە ئەمانە لەگەڵ سامی ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی پەراوێزبخرێ ودواتر لە (س.ک)ەوە دەربکریت (محمد ، ٢٠١٩ ، ل ٢٥٦)هەربۆیە لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی خۆیان لە کۆتایی ١٩٧٧ وەفدێکی (کۆک ) سەردانی بارەگای (س.ک) دەکات لەگەڵ سامی کەوتنە گفتوگۆ و دانیشتن ،( عبدالرحمن ، ص ١٤١) بەراستی (کۆک ) مەبەستیان بوو ڕەوشی نێو (س.ک) بەرەو نائارامی ببا ،لە ڕێگەی باڵی چەپی نێو (س.ک) ەوە پێگەی کوڕانی بارزانی لە مەیدانی خەبات هەڵتەکێنن (چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی ، ئاکرێ ، ٢٠٢٥/٢/٢٠ )هەروەها هەوڵیان داوە لەو ڕێگەوە هێزو توانایەکی زیاتر لە کوردستان دەستەبەر بکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور ، میحوەری خازر ، ٢٠١٦/٣/٣ )لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە هەر یەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی هەڵوێستیان وەرگرت و بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی سامی نارەزای خۆیان دەربریوە و پێیان وابوو هەڵوێستیکی وا لەگەڵ (کۆک ) دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیان لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) کە پەیوەندیەکی مێژوویان هەیە،( بارزانی ، ٢٠٢١،ل ٣٦٦ ) ئیتر ئەم پێشهات و ڕووداوانە و چەند هۆکارو پاڵنەری تر بەتایبەت پرسی پەیوەندی (س.ک) و کوڕانی بارزانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ، لەدوای شوڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ ، وەک لە پێشتردا باسکراوە کە ڕەنگدانەوەی خراپی لەبارەی پەیوەندی نێوان (س.ک) و پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و (حدکا ) بە تایبەتی لێکەوتەوە ، لەبەرامبەردا سامی و باڵەکەی کەوتنە پروپاگەندەو دژایەتیکردنیان (الخرسان ، ص ص ٢٥٤ -٢٥٨)ئیدی تاکۆتایی ئەم قۆناغە (س.ک) کەوتبووە دۆخێکی ئاڵوز ، بە کۆچکردنی مستەفا بارزانی لە ١ ئاداری ١٩٧٩ (ح.د.ک –ق.م – فرع امریکا و کندا، بیان، " البارزاني في ذمة الخلود "، في أذار ١٩٧٩ )، قۆناغ و بارودۆخێکی نوێ و جیاواز لەبارەی خەباتی (س.ک ) هاتە پێشەوە لەبەر ئەوە بارزانی بەر لەکۆچی کردنی هیچ کەس بۆ جێگەی خۆی هەڵنەبژارد ، هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوی بۆ حیزب بۆ جێگرتنەوەی بارزانی ناکۆکییەکانی نێو (س.ک) قۆلتر کردەوە بە گویرەی هەندێک لە سەرچاوەکان دیارترین کاندید بۆ ئەو پۆستە( ئیدریس بارزانی ) بوو بە پێچەوانەوە ئەو باڵەی سامی سەرکردایەتی دەکرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور ، میحوەری خازر ، ٢٠١٦/٣/٣ )دژی کاندیدکردنی بوون، بۆ ئەو مەبەست پیداگیریان دەکرد لەوەی مەسعود بارزانی رکابەری ئەو پۆستە بێت (الخرسان ، ، ص ٢٥٥)، بە کەسایەتیەکی گونجاو میانرەویان دادەنا. بە پێی بۆچونی هەندێک لە سەرچاوەکان باڵی چەپڕەو لەو ڕێگایەوە هەوڵی دەدا مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لەیەکدی جیابکەنەوە و ناکۆکی بخەنە نیوانیانەوە ، (سدیق ، ٢٠٠٨، ل ل ١٤٥-١٤٦)هەرچەندە لەسەرو بەندی کارو چالاکیەکانی (س.ک) بۆ بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی حیزب لەو کۆبوونەوەی کە پێشتر باسکراوە لە گوندی ( شاوانە )ی نزیک شاری شنۆ ، مەسعود بارزانی وەک سەرۆک، سامیش وەک خۆی لە سکرتێری حیزب مایەوە(ح.د: -ق.م – لجنة الأعلام ، " انتخاب المناضل مسعود بارزانی رئیسأ والمناضل سامی سکرتیرا عاماً للحزب الدیمقراطی الکردستانی – القیادة

المؤقتة " في ١٩٧٩/٧/٥) ، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر ئەوەیان دەرخست ئەم کۆبوونەوەیە نەبووە یارمەتیدەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە تایبەتی کاتێک مەسعود بارزانی پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی حیزب کرد وەک ئەوەی بریاری لەسەر درابوو لە هاوین یان پایزی ١٩٧٩ ، لە لایەن سامی و لایەنگرانی دژایەتی کرا و داوایان کرد بۆ بهاری ١٩٨٠ دوابخرێ بە بیانۆی بەدەستهێنانی ماوە بە مەبەستی رێکخستنەوەی رێزەکانی حزب لەناو پەنابەران وهۆشیارکردنەوەیان بە پەیرەو و بیرکردنەوەی نوێ حزب، ، بەڵام مەسعود بارزانی داواکەیان رەتکرایەوە بە پێویستی دەزانیت لە بارەی بەستنی کۆنگرە لەو وادەیەدا کە ئاماژە پیکراوە بە مەبەستی راستکردنەوەی بارودۆخی ناهەمواری سەرکردایەتی حیزب لەلایەک (بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەیی ... ، ل ٩١)،هەروەها پارێزگاریکرن لە خاوەنداریتی (پدک) لە لایەکی دیکەوە چونکە لەوکاتەدا خۆیان هەست بە مەترسی بوونی لاسەنگ بوونی تەرازووی هێز بە لای (سامی)ەوە کردبوو (عیسا ، ٢٠١٤ ، ل ٥٩)جێگای ئاماژە پێکردنە لە سەروبەندی کۆنگرەکە هەست بە بارودۆخێکی نائاسایی کرا لە سەرەتای دەسپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان جگە لە (ئیدریس بارزانی و عەلی عەبدوڵا و ئازاد بەرواری)، هەموو ئەندامەکانی ( س.ک) یەک هەڵوێست بوون بە ( مەسعود بارزانی )یان رایگەیاندبوو کە لە کۆنگرەدا خۆیان هەڵنابژێرنەوە ، هەرچەندە ناوبراو هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی لە هەڵوێستەکەیان پاشگەز بنەوە (کۆچیرا، ٢٠١٣ ، ل ٦٥ )لە ئاکامدا ئەمانە پێشنیارێکی مەرجدار پێشکەش بە مەسعود بارزانی و ئەندامانی کۆنگرە کرد مەرجەکان بریتی بوون لە لە هەڵبژاردن لە کۆی ٢١ کەس دەبێت ١٥ کەس کە خۆیان دیاری بکەن بۆ کۆمیتەی ناوەندی و ٦ کەسی تریش بە رێککەوتنی ئەوان و لایەنی بەرامبەر بیت (بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەیی ... ،ل ٩٢)هەروەها مەرجێکی تر بریتی بوو لەوەی ئیدریس بارزانی و چەند ئەندامیکی تر خۆیان نەپالێون(میرانی ، دەست نوس ( بلاو نەکراوە )) بەڵام داواکەیان لە لایەن سەرۆکی حیزب رەتکرانەوە بەمەش ئەگەری کەرتبوون لە رێزەکان (پدک) زیاتر هاتە پێشەوە .

جێگای باسە لەوکاتەدا جیاواز لە پێشوو کوڕانی بارزانی دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندبوو ، یان ووردتر بڵێین سامی سەنگی کەم ببووەوە تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی چەپرەوی نزیك لە سامی وازیان لە هەڵوێستەکەیان هینابوو کاتێك لەلایەن کوڕانی بارزانی بەرچاو روونیان دابووێ بە پێدانی پلە وشوێنیان لە نێو ( پدك )دا. (عیسا ، کێشەی کورد ... ، ل ٦٠)بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر تائەمرۆ باڵی چەپرەو رۆڵی سەرەکی گێرابێت لەناو حیزب ، ئەوا لێرە بەدواوە باڵی ڕاسترەو جێگایان گرتبوو ، لەم بارەیەوە فازل میرانی دەڵێت: " ئەوان دەیان زانی کە لە هەڵبژاردن دەرناچن چونکە کارێکی زۆر بۆ دەرنەچونیان کرا بوو لایەنی دژ لە رووی نوێنەرانەوە زۆر بەهێزتربوون " (نێرووەیی ، ٢٠٠٨، ل ١٢١ وەرگیراوە)سەرئەنجام سامی و لایەنگرانی نەیانتوانی سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەی هەیەتی بە ئامانج بگەیەنن ، جوڵەکانیان بۆ کشانەوە لە رێزەکانی (پدك)دا خێراتر دەرکەوتن ، دواجار ژمارەیەك لە ئەندامانی (س.ك) وازیان لە (پدك) هێنا ، لەوانە:( سامی عەبدولرەحمان ، جەوهەر نامق ، عارف تەیفور ، دلشاد میرانی ، ئازاد خەفاف ، وریا ساعاتی ، حەمە رەزا ) ( کەندال ، ١٩٩٨ ، ل ٤٠٠) دواتر جگە لە ( جەوهەر نامق ) (بالەکی ، ٢٠١٦ ، ل ٨٦ ) ئەوانی تر روویان لە ئەوروپا کرد و پارتێکی نوێیان بە ناوی ( پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ) دامەزراند ، بەمەش ئەوکێشەی ماوەی (١٩٧٦-١٩٧٩ ) لە نێوان (س.ك) دا هەیبوو بە جیابوونەوەی ئەمانە کۆتای هات .

تەوەری دووەم:چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان

پاش کۆنگرەی نویەمی (پدك) وەك لەمەوبەر باسکرا، سامی عەبدولرەحمان و بەشێك لەو کادیرانەی لەگەڵی هاورابوونە بەتەواوی لەگەڵ (پدك) دابڕان و هەنگاوەکانیان لەبارەی دامەزراندنی رێکخستنێکی نوێ دەرکەوت، (بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی .... ، ل ٣٧.)،لەم چوارچێوەیەدا سامی دەچێتە تاران تاوەکو لەناو پەنابەرانی کورد شوێن پێی خۆی بەهێزبکات بەگوێرەی قسەکانی کریس کۆچێرا رۆژنامەوانی فەرەنسی، بەدوای ئەوەدا لەلایەن لایەنگیرانی مەسعودبارزانیەوە قەستەسەری دەکرێ دواتریش لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە دەخرێتە بەندیخانەوە(کریس کۆچێرا، ٢٠١٣، ل٧٧ ) بەڵام مەسعود

بارزانی ڕەتی قسەکانی کۆچێرا دەکاتەوە کە هیچ پەیوەندی بەگرتدانی سامییەوە هەبێت بەڵکو بەهۆی پەیوەندییەکانی سامی لەگەڵ (حدکا)ەوە، ناوبراو کەوتبووە ژێر چاودێری دەزگای ئەمنی و ئاسایش زانیارییەکانی ئێرانەوە( بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ... ، ل ٣٧٥.)، تەنانەت خۆدی سامی ئەوەی ڕەتدەکاتەوە کە کوڕانی بارزانی کەرۆڵیان لە بەگرتدانی هەبووە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات وەك کەسێکی چەپ پێشتر لەلایەن ئێرانەوە خرابووە ژێر چاودێرییەوە، دوای ئاشکرا بوونی هەندێك بەڵگەنامەی (س.ك) لە ناوچەنتاکەی خۆی بۆماوەیەك لەلایەن ئێرانەوە دەست بەسەرکرا(یوسف، ٢٠٢٠، ل ٧٩)، بۆماوەی پێنج مانگ لە زیندان مایەوە(بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ... ،ل ٣٧٥)، دواترلە ئابی ١٩٨٠ لە بەندیخانەی تاران ئازاد کرا(کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٧)هەڵبەت ئەوەی ئاماژەمان بۆی کرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە زانیارییەکانی دوایی لە ڕاستیەوە نزیکترن لەبەرئەوە خودی مەسعود بارزانی لەڕۆژی ٣ی تەمموزی ١٩٨٠ واتا لەو ڕۆژەی سامی دەست بەسەرکرا لە ئێران، بەناوی (پدك)ەوە لەبارەی ئازادکردنی ناوبراو نامەی بۆ هەریەك لە (ئەبو ئەلحەسەن بەنی سەدر) سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی ئێران و (داریوش فروهەر) وەزیری دەولەت، ناردووە تیایدا جگە لەوەی کەسامی بە ئەندامێکی (پدك) ناساندووە، داوای ئازادکردنی دەکات( ).

شایانی باسە پاش ئازادکردنی سامی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە ئەو ئۆمێدەی نامێنێ و ئیتر لێرەوە بڕیاری جێهێشتنی ئێران دەدات لە ئەیلولی ١٩٨٠(عبدالرحمن، من اوراقي ... ، ص ٣١ )، لەگەل نوری شاویش و چەند کەسێکی تر(شاویس، المصدر السابق، ص ٩١)،ڕووی کردەووڵاتی بریتانیا، بەماوەیەکی کەم جموجۆلەکانی بەئامانجی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دەست پێکردەوە(بارام، ٢٠١٢، ل ٣٠٩). دوای ئەم هەنگاوە بارودۆخێکی لەبار ڕەخسا بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتە نوێیەکە، لە ئاکام بەئامادەبوونی سامی عەبدولرەحمان و بەشێکی زۆری (س.ك) کە خۆیان لە کۆنگرەی نۆیەمی (پدك)دا کاندید نەکردبوو لە ڕۆژانی ٢٦- ٣٠ی تموزی ١٩٨١ لە شاری (ڤیەنا)ی پایتەختی ووڵاتی نەمسا(گوندی ، ١٩٩٠، ل ٧٥. ) بە ئامادەبوونی ٦٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەمی حزب بەسترا(کوڤان، تموز ١٩٨٤، ص ١٨)، لەم کۆنگرەیەدا حزبێکی نوێی خاوەن بیروباوەر و ئایدولوژیای چەپی مارکسی راگەیاند بەناوی (پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان-پدگك)( کەندی، ٢٠٠٩، ل ٣٥٤)،هەروەها لە دوا کۆبوونەوەی کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی هەلبژێردرا( چاوپێکەوتن لەگەڵ عار تەیفور، میحوەری خازر، ٣/٣/ ٢٠١٦)، دواتر مەکتەبی سیاسی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە هەلبژێردرا(یوسف، ٢٠٢٠، ل ٨٣ )، لە هەمان کاتدا بریاردرا رۆژنامەی (گەل- الشعب) بێتە ئۆرگانی فەرمی پارتەکەی(نەبەز، ٢٠٠٢، ل ٩٧)بەم چەشنە (پدگك) دامەزرا ،لە ١٥ی ئابی ١٩٨١ لە بەیاننامەیەکدا هۆکارەکانی جیابوونەوەی لە رێزەکانی (پدك) و دامەزراندنی پارتێکی نوێ بۆ دۆخی نێوخۆی (پدك) و هەلوێست و سیاسەتەکانی گەڕاندووتەوە ( اللجنة المركزية لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني البلاغ الختاسى للمؤتمر التأسيسي للحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني،في ١٥/٨/ ١٩٨١)، هەروەها لە هەمان کاتدا سامی لەچاوپێکەوتنێك لەگەڵ کریس کۆچێرا دەلێت:" کاتێ ئەو بریارەم دا (مەبەست جیابوونەوە لە پارتی- لێکۆلەر) پێشمەرگەکانی مەسعود و ئیدریس بارزانی تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی کوردانی ئێران لە شاری شنۆ دەکرد، من ناتوانم ئەوە قەبولی بکەم کە کورد بە هەربیانوویەك و لە هەر هەلۆمەرجێکدا بێت چەك لێك بکێشێت و یەکتر بکوژن"(کۆچێرا، ٢٠١٣ ، ل ٧٧).دەبێت دان بەو ڕاستیەدابنێین ئەم پاساوەی سامی بۆ جیابوونەوەی لە (پدك) لە کاتێکدایە شەڕی ناوخۆی نێوان (س.ك) و (ینك) بەتایبەتی لە کوشتارەکانی (حوزەیرانی ١٩٧٨)ی ناوچەی هەکاری سامی رۆلی سەرەکی هەبووە بەتایبەتی لە بریاری کوشتنی هەریەك لە: (عەلی عەسکەری ،د. خالید سەعید و حسێن بابە شێخ) (ئەحمەد، ٢٠١٠، ل ٣٩٤)، هەروەها لە بارەی سیاسەتی (پدك) لەگەڵ ئێران کە بەهۆکارێك لە جیابوونەوەی خۆیان دادەنێت، ئەگەر وورد بینەوە لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی (پدگك) دوای چەند سالێك کەوتبووە پەیوەندی لەگەڵ ئەو رژێمەی ئێران، لە ساڵێ ١٩٨٥ پەیوەندی لەگەڵ دەزگای هەواڵگیری ئیران (ئیتلاعات) دامەزراند، سالی دواتر لە ژێر چاودێری

ئێران بارەگای خۆیان لە شاری ورمێ لەسەر خاکی ئێران کرایەوە، بەپێچەوانەشەوە تاکو ساڵی ١٩٨٦ هیچ پەیوەندییەکی فەرمی نەبووە لەگەڵ پارتەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و (حدكا) بەتایبەتی( یوسف ، ٢٠٢٠، ل ١٩٤- ٢٠١). بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو بانگەشەی سامی بەر لە جیابوونەوەی لەگەڵ (پدك) و کوڕانی بارزانی ،گرتبووەبەر بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران و هەلوێستەکانی بەرامبەر کوردانی رۆژهەلات، لەکاتی دامەزراندنی (پدگك) لەم هەلوێستە پاشەکشەیان کردووە، ئەمەش رەتی پروپاگەندە و بۆچوونەکانی سامی و لایەنگیرانی دەکاتەوە کە گوایە ئەوان لەم بارەوە تێبینیان لە سیاسەتی (پدك)ەوە هەیە.

**تەوەری:سێیەم:پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان وپارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ١٩٨١-١٩٨٦**

دوای ڕاگەیاندنی (پدگك)، پەیوەندی نیوان (پدك) و (پدگك) بەشێوەیەکی سروشتی بە ئاڵۆز و توند دەستپێدەکات، هەرچەندە (پدگك) بەگوێرەی بڕیاری ٦ی کۆنگرەی دامەزراندنی حزبەکەی بانگەشەی بۆ کاری پێکەوەیی وئاشتی لەگەڵ هێزەکوردییەکان دەکات،( حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، قرارات المؤتمر التاسيسي المنعقد، من ٢٦تموز-٣٠تموز ١٩٨٢) بەڵام لەگەڵ (پدك) ئەو ڕاستیەی دەرخست کە لە دەروون و پاشخانەوە هەروەك چۆن لەکاتی خۆی وەك باڵێك لەنێو (س.ك) بەرامبەر کوڕانی بارزانی بانگەشەی دژایەتیکردنی گرتبووەبەر، لەم قۆناغەدا بەهەمان ڕیتمی پێشوو لەڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دامەزراندنی حزبەکەی هێرشی توندی دەکاتە سەر بنەماڵەی بارزانی، بەکۆنەپەرست ناوی بردووە، هەروەها لەبەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا کوڕانی بارزانی تۆمەتبارکردووە بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگای (ساواك) ی ئێران و CIAی ئەمەریکا،( البديل الثوري في الحركة التحررية الكوردية...، ص ص٣٨ و ٤٢) هەروەها بە بەهۆکاری دواکەوتنی بزاڤی کورد و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی، لە قەلەمیان داوە( اللجنة المركزية الشعب الديمقراطي الكردستانى، البلاغ الخاتمي للمؤتمر التاسيس الحزب الشعب الديمقراطي الكردستانى، في ١٩٨١/٨/١٥) ئەم هەڵوێستەی (پدگك)لەبەرامبەر (پدك)و لایەنگرانی، دەرگای دژایەتیکردنی بەرووی خۆیدا کردەوە.( سەعید ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠ ) بۆیە لەسەرەتایی دامەزراندنی سەرئێشەی بۆخۆی دروستکرد بە جورێك پەرچەکرداری (پدك) بەرامبەریان بووە شتێکی چاوەڕوانکراو.

جیا لەو هۆکارانەی باسکرا، کە زیاتر پەیوەستبوون بە پێشینەی نێو (س.ك)، لێرەدا ناکرێت ڕۆڵی (ینك) لەبەرچاو نەگیرێت کە ڕۆڵی خراپی گێڕاوە لە تێکبەردانی (پدك) و (پدگك)، جیابوونەوەی (سامی عەبدولڕەحمان) لە (پدك)، وەك یەکێك لە ئاواتەکانی خۆی دەبینی لەپێناو درزخستنە نێورێزەکانی (پدك) ولاوازکردنی،بۆیە دەبینین هەر لەسەرەتاوە تاڵەبانی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سامی سازدا، دواتر لەچوارچیوەی ڕێککەوتنێك لەنێوان (تاڵەبانی و سامی)، (ینك) توانیبوو کاریگەری خراپ دروست بکات لەسەر پەیوەندی نێوان (پدك) و (پدگك)،( یوسف ، ٢٠٢٠، ل١٨٣ بەدواوە) لەم بارەوە مەسعود بارزانی نووسیویەتی: "لەڕۆژانی ١٢ و ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ سامی عەبدولڕەحمان سەرەدانی سوریا دەکات، ببوە میوانی تاڵەبانی، چەند بیرم کردەوە هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ پەیوەندی و ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا تەنیا دژایەتیکردنی پارتی نەبێت".(بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ...، ل٣٧٥) ئەم بۆچوونەی بارزانی ڕاستە، لەبەرئەوەی سامی پێشینەیەکی باشی نەبووە لەنێو ڕێزەکانی (ینك) بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی لەڕووداوی هەکاری هەبووە،لەم بارەوە عارف تەیفور لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، دەڵێت:"هۆکاری پتەوی پەیوەندی نێوان (ینك) و (پدگك)بە پلەیەکی باش پەیوەندی بە دژایەتیکردنی (پدك)ەوە هەبوو"،( چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، میحوەری خازر، ٢٠١٦\٣\٣) دەتوانین بڵێین دژایەتیکردنی (پدك) وەك دوژمنی هاوبەشی هەردوولا بنەمایەکی دیکەی پەیوەندی ئەوانیان دارشتبوو،وەك محەمەد حاجی محمود لەیادەوەرییەکانیدا نوسیوویەتی:''دوای ئیمزاکردنی بەرەی (جود) لەلایەن (حسيك)ەوە، (ینك) بۆ جێگرەوەی (حسيك) هەر بەپەلە (سامی)یان هێنا، ئیبرازیان کرد لەسەر بارزانی، یەك ملیۆن دۆلاریان لە

لیبیا وەرگرت و بە سامیاندا''(محمود، ، ل٩) ئەو ڕاستیەش لەڕۆژانی دواتر بەدیاردەکەوێت کاتێك هاوبەشی و هاوهەڵوێستی نێوانیان دژی (پدك) زیاتر دیتە پێشەوە، بەتایبەتی هاتنی (پدگك) لە ١٥ی ئایاری ١٩٨٢(م.س-الحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، بيان، "بمناسبة انضمام حزبنا الى الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية"، في ١٩٨٢/٥/١٥ ) بۆ نێو بەرەی (جوقد) (٢)، کاریگەری خراپیان هەبووە بەسەر هەڵوێستی (پدگك) بەرامبەر (پدك) بۆنمونە: لە ئەیلولی ١٩٨٢(پدگك) پەرتوکێکی بەناوی (ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی-البديل اليوری) بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە،( یوسف ، ٢٠٢٠، ل١٨٠) تیایدا (پدك)ی بەهێزێکی خێڵەکی و دواکەوتووی ناوبردووە، هەروەها لەو پەرتووکەدا خوی بە جێگرەوەی (پدك) دادەنێت.( البديل الثوري... ، ص ص ٢٣ و ٣٨)

شایەنی باسە دوژمنایەتی نێوانیان تەنیا لەچوارچێوەی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی دژبەیەك خۆی نەدەنواند، بەڵکو لەماوەیەکی کەمدا هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی لێکەوتەوە، بۆ نمونە؛ لەهاوینی ١٩٨٢ دا هێزێکی چەکداری بەسەرپەرشتی کەریم شنگاری (وەزیری پێشووی ناوخۆی هەرێمی کوردستان)، بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ (پدك) وەك هێزێکی سەرەکی لەناوچەکەدا، لە سوریاوە ڕوو لەناوچەکانی بادینان و زاخۆ دەکەن، ئەمەش جێگەی قبوڵکردنی نەبوو لەلایەن (پدك)ەوە، چەند ڕۆژێك لەناوچەی (سەنات) نزیك زاخۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەنیوان هەردوولا ڕوویدا.( چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆک، ٢٠١٦/٢/٢٥) مەسعود بارزانی لەبارەی ئەمە نووسیویەتی: ''سامی عەبدوڕەحمان و (پدگك) لەوبڕوایەدابوون لەهاتنیان بۆ ناوچەکە هەموو پێشمەرگەکانی (پدك) پەیوەندیان پێوەدەکەن، بەپێچەوانەوە کەس یارمەتیانی نەدا''(بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ...، ل٣٧٤) لەئاکامدا ژمارەیەك کوژراو و بریندداری لێکەوەتەوە، (عەبدوڵلا سالح) لەپلەی پارتایەتی لەدوای (سامی)یەوە دەهات، خۆی دایە دەستی ڕژێم،( گوندی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١) هەروەها هەندێك لە ئەندامەکان وەك دیل کەوتنە دەست (پدك)، ژمارەیەکیشیان پەیوەندیان بە (پدك)ەوە کرد( چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد میکایل ، ئاکرێ، ٢٠٢٥/٢/١)، بەشێوەیەك هێزەکانی (پدگك)ی لێکترازاند.

دوای ئەو ڕووداوە بۆ (پدگك) ڕوونبووەوە تاکە ڕێگەی بەردەمی بریتی یە لە گۆڕینی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە (پدك)،(گوندی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢؛ طیب، کەرتبوون لەنێو پارتە سیاسییەکان...، ل٥١) ئەم ڕاستیە لەوەدا دەردەکەوێت کاتێك هەریەك لە سامی و نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی، بوئەوەی ڕێ لە ڕوودانەوەی جەنگ بگیرێن، نامەی بۆ (پدك)یان ناردووە، تێیدا داوای ئاشتەواییان کردووە (البدايات والآفاق، تقرير الكونفرانس الاول لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، عبدالرحمن، ١٩٨٨، ص١٥٢). لەدرێژەی هەوڵەکانیان جارێك لە لیبیا( یوسف ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠) و جارێکی دیکە لە سوریا چاوپێکەوتن لەنێوان ئیدریس بارزانی و سامی کراوە.(البدايات والآفاق، تقرير الكونفرانس الاول لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، عبدالرحمن، ١٩٨٨، ص١٥٢) بەڵام ئەم نزیکبوونەوەیە نەبووە یارمەتیدەر بۆ کۆتایهێنان بە کێشەکانیان ، بەتایبەتی (پدك) ئامادەنەبوو ڕێگەی بدات (پدگك) بگەڕێتەوە ناوچەکانی سنووری بادینان تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٧.(چاوپیکەوتن لەگەڵ د. کەمال کەرکوکی، هەولێر، ٢٠٢٥/٣/٣) بۆیە لەو ماوەیەدا هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی بۆ ئاشتەوایی نێوانیان گەیشتە بن بەست، نێوانیان بەرەو ساردی و گرژی چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژای ماوەی داهاتوو ناکۆکی و جیاوازی نێوانیان نەگەیشتووەتە ڕادەی دووبارەبونەوەی شەڕی چەکدارانەی یەکدی.

شایەنی باسە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی هەندێك گۆڕانکاری لەکوردستانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەم دوو پارتە، بەتایبەتی گفتوگۆکانی (ینك) لەگەڵ حکومەتی عێراق لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد میکایل ، ئاکرێ، ٢٠٢٥/٢/١ ) لەئاکامدا پچڕانی پەیوەندی (پدگك) لەگەڵ (ینك)ی لێکەوتەوە،( البدايات والآفاق، تقرير الكونفرانس الاول لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، عبدالرحمن، ١٩٨٨، ص١٠٥ و

١٠٦) لەلایەکی دیکە کاتێك پەیوەندی (پدگك) لەگەڵ سوریا وهێزە کانی تری (جوقد) کێشەی تێکەوت، دواجار لە کانونی دووەمی ١٩٨٤ دا (پدگك)ی لە ئەندامێتی(جوقد) سڕکرا.(گەل(الشعب)، الجريدة، ع:(١٤)، اذار ١٩٨٥، ص ٨) ئەم ڕووداوانە (پدگك)یان خستبوە نێو دۆخێکی ئاڵۆز، لەولاشەوە هێزێکی پێویستی نەبوو خۆی لە هەمبەر (پدك) ڕابگرێ، بۆ ئەوەی گۆشەگیری و بێ پشتیوانی نەمێنێتەوە، هەموو ئەمانە پالی بە (پدگك)ەوە نا کە بەرژەوەندییان لەوەدایە خۆی لە (پدك) نزیك بکاتەوە بوئەوەی وەك هاوپەیمان قبوڵی بکات.( گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(١٠)، اذار ١٩٨٤، ص١٢)

هاوکات کۆمەڵێك لایەنی کوردستانی و لیبیا کەوتبونەتە نێوان هەردوو پارتەوە بۆ چاکردنی پەیوەندییەکانیان،( سەعید ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢) شایەنی گوتنە هەموو ئەمانە ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان نواند کە جارێکی دیکە (پدك) پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ (پدگك) دابمەزرێنێتەوە، دوای دابڕانیان بۆ ماوەی چوار ساڵ (١٩٧٩-١٩٨٤) جارێکی دیکە سەرکردەکانی هەردوو پارت پەیوەندییەکانیان ئاسایی بووەوە،

لەم نێوەندەدا مەسعود بارزانی بەتەنگ ئەوەبوو (پدگك) بۆ نێو بەرەی (جود) (٣ ) پەلکێش بکات،( باوەگورگوڕ، گۆڤار، ژ:(٥)، کانونی دووەمی ١٩٨٦، ل٦) هاوکات هاوپەیمانەکانی (پدك) لە (جود) هەڵوێستی ئەرێنیان بەرامبەر هەوڵەکانی مەسعود بارزانییان هەبووە، ئەوانیش پشتیوانی خۆیان بۆ ئەندامێتی (پدگك) لە (جود) دەربڕیوە.( كفاح الجبهة، الجريدة، ع:(١)، تشرين الثاني ١٩٨٤، ص١١) ئیدی دوای ئەمە پەیوەندی نێوانیان گەشەی کردووە ببە جۆرێك پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی پاش چەند کۆبوونەوە و دانیشتن لەنێوان شاندی هەردوو حزب لە ئێران و سوریا،( چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال کەرکوکی، هەولیر،٢٠٢٥/٣/٣) هەروەها لەبارەگای لقی شەشی (پدك) لە ئەوروپا،( چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ،٢٠٢٥/٤/٥) بەشێوەیەکی فەرمی لەتشرینی دووەمی ١٩٨٤ (پدگك) چووە نێو بەرەی جود)( گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(١١)، كانون الاول، ١٩٨٤، ص٩ ) کە (پدك) ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە پێکهێنانیدا.

جێگەی ئاماژەپێدانە سەرەڕای ئەوەی (پدگك) لەچوارچێوەی بەرەی (جود) بووە هاوپەیمانی سیاسی سەربازی (پدك).( گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(٢٦)، اواخر آب ١٩٨٧،ص ص٣ و ٩) (پدك) لەبواری دارایی و تەندروستی و دابینکردنی داو و دەرمان و ئازوقە و چاپ و ...تاد، هاوکاریکردن.( چاوپێکەوتن لەگەڵ تەوفیق ئاکرەیی، ئاکرێ،٢٠٢٥/٢/١) هاوکات لەهەندێك پرسی گرنگ سیاسەتی (پدك) بەرامبەر (پدگك) گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات بۆنمونە؛بەدرێژایی ماوەی (١٩٨٤-١٩٨٧) ڕێگەیان بە (پدگك) نەدا لە سنوری بادینان بنکە و بارەگا بکەنەوە، لەکاتێکدا بادینان لەڕووی پێگەی جەماوەری گرنگییەکی زۆری بۆ (پدگك) هەبووە، جگە لەوەش (پدك) ڕێگربووە لەئەندامبوونی (پدگك) لەهەریەك لە:(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) لەدەرەوە، هەروەها سکرتاریەتی بەرەی (جود)، لیژنەکانی (جود) لە پارێزگاکان...تاد، هەرچەندە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە سامی چەند جارێك سەرەدانی (م.س-پدك)یان کرد لە ڕاژان، بەڵام کۆششەکانی هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەوەی لە یادەوەرییەکانی مەسعود بارزانی دەبیندرێت، (پدك)هەبوونی (پدگك) پێی خۆش نەبووە، بەڵکو هەوڵێکی زۆریاندا بۆ یەکگرتنەوەیان لەگەڵ حزبەکەی.( بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ...، ل ل٣٧٦و٣٧٧) بەلام وەك بەدیاردەکەوێت لەو قۆناغەدا نەیتوانی لەبارەی ئەمە بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن، سامی و پارتەکەی لەو هەڵوێستە پاشگەزبکەنەوە.

لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی (پدك) بەهیچ شێوەیەك کاریگەری نەکردووەتە سەر دوورکەوتنەوەی هەردوو پارت لەیەکدی، بەتایبەتی (پدگك) بەردەوام هەوڵیدەدا زەمینەی ئاشتی بڕەخسێنێ لەگەڵ (پدك)، لەڕۆژی ١٢ی حوزەیرانی ١٩٨٥ لەبارەی بۆردۆمانکردنی ئوردوگای زێوە(٤) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بروسکەیەك ئاڕاستەی (پدك) دەکات بەمەبەستی هاوخەمی و سەرەخۆشی، (پدك)یش لەڕۆژی ٥ی ئابی ١٩٨٥ لەنامەیەکدا سوپاسی هەڵوێستی (پدگك) دەکات و پەیوەندییەکان

بە دۆستانە ناودەبات،( یوسف ، ٢٠٢٠، ل ل١٨١و١٨٢ ) ئیدی لێرەوە سەردەمێکی نوێ لەپەیوەندییەکانیان هاتەدی، لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ سامی سەردانی مەزاری ( مستەفا بارزانی) دەکات لەشاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژانی دواتر سەردانی (م.س-پدك) دەکات لە ڕاژان، لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوونەوەی دووقۆڵی ئەنجامدەدات، پاش ئەو هەنگاوانە پەیوەندییەکانیان بەرەو گۆڕانکاری گرنگ دەچێت،دوای ماوەیەك (پدك) ڕەزامەندی نیشاندا کە (پدگك) سێ بارەگا لە (دولەتو-شارباژێڕ)( بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ...، ل٣٧٦ ) و خواکوڕك( گەل (الشعب)، الجریدة، ع:(٢٠)، کانون الثاني ١٩٨٦، ص٣) و گوندی (کۆلەکا) نزیك بارزان( چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد میکایل، ئاکرێ، ٢٠٢٥/٢/١) بکەنەوە، لەساڵانی دواتر بەتایبەتی ١٩٨٧، هەردوو پارت لەئاکامی چەند دانیشتنی دوولایەنە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمیان یەکلای کرانەوە، بەتایبەتی لەپرسی گەڕانەوەی (پدگك) بۆ بادینان و کردنەوەی بنکە و بارەگا هەردوولا بەباشی گەیشتنە ئەنجام، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی نوێ هێزەکانی(پدگك)دەرفەتیان بۆ رەخسا بگەڕێنەوە بادینان.( بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ...، ل٣٧٦) لەم قۆناغەدا ئەم هەڵوێستەی (پدك) بۆ (پدگ) پشتگیرییەکی باشبوو، ئیدی دوای ئەمە پەیوەندییەکانیان بەرەو لوتکە و یەکگرتنەوە دەچێتەوە.( یوسف ، ٢٠٢٠، ل١٨٢).

پێشنیار

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەپێویست دەزانین چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك بخەینەڕوو:

- نووسینەوەی توێژینەوەی زانستی نوێ لەسەر پەیوەندییەکانی هێزە کوردییەکان لەلایەن کەسانی پسپۆر و ناوەندە ئەکادیمییەکان دوور لەکەوتنە ژێر کاریگەری ڕووداو و تێڕوانینە سیاسییەکان بەپشت بەستن بەنووسراو و بەڵگەنامە فەرمییەکان کە لە خانەی بەڵگەنامەکانی حزبە کوردییەکان و حکومەتی عێراق و وڵاتانی هەرێمی پارێزراون و لە پێناو ڕوونکردنەو خستنەڕووی بەشێك لەو ڕاستیانەی نێو پەیوندییەکانیان کە تاوەکو ئێستا نەخراونەتەڕوو.
- بەمەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، نەکەوتنە ژێر گوشارو بڕیاری سیاسی بەغدا و هیچ دەوڵەتێکی هەرێمی و جیهانی، پێویستە هێزە کوردستانییەکان خۆیان یەك ڕێڕەو بکەن، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی بەغدا و دەرەوەی سەنگی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات، دەرفەتێکی باش بۆ ئایندەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان مسۆگەردەکات.
- ئەرکێکی نەتەوەیی و پێویستیەکی هەنوکەیی نیشتمانی یە، هێزە کوردستانییەکان جیاواز لە ماوەیی ڕابردوو هەڵ و تێکۆشانیان لە پێناو یەکگرتن و خزمەتی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان بێت، لەمەدا جگە لەوەی لەڕووی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەتوانن وەڵامی مەیدانخوازی حکومەتی بەغدا بدەنەوە، دەرفەتێکی باش بۆ پارێزگاری کردن لە قەوارەی کوردستان مسۆگەر دەکات.

ئەنجام :

کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ هەڵهێنجانی گرنگترین بیروبۆچوونەکان سەبارەت بەرەوتی پەیوەندییەکانی (پدك) لەگەڵ (حسك)، هەوڵمانداوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان دەرئەنجامی ناوەڕۆکی ناونیشانی توێژینەوەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- لە ماوەی قۆناغی سەرکردایەتی کاتی(١٩٧٦-١٩٧٩) سێ ئاراستەی جیاواز لە نێو ڕێزەکانی پارتی بونی هەبوو: یەکەمیان بریتی بوو لە ئاراستەی ڕاست ڕەوکە لەلایەن ئیدریس بارزانی سەرکردایەتی دەکرا و دووەمیان ئاراستەی چەپڕەو بوو کە لەلایەن سامی عبدالرحمن

سەرپەرشتی دەکرا، و سێیەمیان ئاراستەی مامناوەند (نەتەوەیی) کە لەلایەن مەسعود بارزانی سەرکردایەتی دەکرا.

- ناکۆکی نێو سەرکردایەتی کاتی بەتایبەتی نێوانی (باڵی راست وباڵی چەپ) رۆژ لەدوای رۆژ توندتر و دژوارتر دەبوو بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی (سامی عەبدولرحمان) لە هاوینی ١٩٧٧ بۆ کوردستانی عێراق. باڵی چەپ هەوڵیداوە دیدگای خۆیان بەسەر باڵی ڕاست و کوڕانی بارزانی بەئەنجام بەگەیەنن و بەم چەشنە ململانێی نێوانیان تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. سەرئەنجام بەدەرچوونی باڵی چەپ و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەلایەن کوڕانی بارزانی کۆتایی پێهات.
- بەجێهێشتن و هاتنە دەرەوەی باڵی چەپ لە نێو (پدك) ،لە ساڵی ١٩٨١ لە چوارچێوەی رێکخستنێکی نوێ بەناوی (پدگک) ، (پدك) وەك ڕووداوێکی ئاسایی سەیر نەکرا، بەڵکو لەپێناو یەکلایکردنەوەی کێشە و گرفتەکان لۆژیکی چەك و هێز بەکارهاتووە، ئەنجامیش ململانێیەکی توندی سیاسی و چەکداری بەدرێژایی ماوەی (١٩٨١-١٩٨٤)لە نێو هەردووك پارت بەدوایخۆیدا هێناوە.
- دوایی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤دا (پدگک) بووە ئەندامی هاوپەیمانیەتی (جود) کە (پدك) رۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی دا هەبووە، (پدك) بەدرێژایی ماوەیی ١٩٨٤- ١٩٨٦دا وەك پێویست هەڵوێستی بەرامبەر (پدگک) نەگۆراو و رێگەی نەدا ئەو پارتە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر هەژموونی خۆیی لە بادینان بەئازادی چالاکی و رێکخراوی سیاسی خۆیی ئەنجام بدات،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان شێوەیەکی تری وەرگرت، روژ لەدوای روژ لەبری دژایەتی کردنی یەکدی دەستیان بەنزیك بونەوەو یەکخستنی بۆچوون، بەرنامە و نەخشەکانیان کرد.

پاش ئاشتبوونەوەی گشتی ١٩٨٦ لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان پەیوەندییەکانی (پدك) لەگەڵ (پدگک) گۆڕانکاری بەسەردا هات لە ساڵی دواتر ١٩٨٧دا (پدگک) بەرەزامەندی (پدك) گەڕاوە بادینان و شان بەشانی (پدك) کەوتە چالاکی هاوبەش دژ بەرژەوەندییەکانی حکومەتی عێراق.

**پەراوێز:**

1 -لەم بارەوە مەسعود بارزانی نوسیویەتی: " چاودێری ساواک بەسەر پەنابەران گەیشتبوو دۆخێک کە تەنانەت لە هەفتەیەکدا تەنیا یەک رۆژ دانرابوو بۆ ئەوەی پەنابەران لە دێهاتەکان سەردانی شارەکان بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان" ، هەروەها باس لەوەدەکات:" رق و کینەیی جەنەرال نەسیری سەرۆکی ساواک گەیشتبووە رادەیەک بیری لەوە دەکردەوە سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەیی بارزانی بە خێزانی من و ئیدریسیشەوە لە ئێران بکاتە دەرەوە " بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە : مەسعود بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەیی ... ، ب٤ ، ب٢،ل ٦٨ .

2 -بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد):دوای ئەنجامدانی چەندین دیدار وکوبوونەوە لەبارەی چۆنیەتی جێگیرکردنی ستراتیژێکی هاوبەش بەرامبەر رژێمی بەعس لە نێوان (ینک) و (حزبی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق) ، (حشع) و (بزووتنەوەی عەرەبی سوسیالیستی)،

بەپاڵپشتی سوریا و ئێران، بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەی (جوقد) لێکەوتەوە،دواجار لەڕۆژی ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ رادیوی دیمەشق هەولی ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) ، لە نێو هەشت پارتی بەرهەلستکاری عێراق کە بریتی بوون لە : (ڕێکخراوی سوپای گەلی رزگار کراوی عێراق و حزبی شیوعی عێراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بزووتنەوەی عەرەبی سوسیالیستی، پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق)، پارتی سوسیالیستی عێراق، پارتی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، دیموکراتە سەربەخۆەکان)، بڵاوکرایەوە... بۆ زیاتر بڕوانە: فاتح رەسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان (ڕووداو و بەڵگەنامە) ١٩٨٠- ١٩٨١، ب٢، چ١، سوید، ١٩٩٢، ل ٢٢١؛ سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، سەرهڵدانی رەوتی سۆسیالیستی دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەک نمونە، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش، ٢٠١١، ل ١٠٠.

3- بەرەی (جود):لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەڕوانگەی جێ بەجێ کردنی ئەو ستراتیژە، بەتایبەتی دوای دلنییابوون لە هەڵوێستی (ینك) و هێزە عەرەبیەکان کە ئامادە نین مامەلە لەگەڵیدا بکەن، (پدک) بۆ پێکەوەنانی بەرەیەکی نیشتمانی ،هەوڵەکانی لەگەڵ هەریەک لە(حسیک) و(حشع)چڕکردەوە، دوای ئەنجامدانی چەندین دیدار ونامەگورینەوە ،دواجار لەکۆبوونەوەیەکی سێ قۆلی بەئامادەبوونی هەریەک لە:( مسعود بارزانی و عەلی عەبدولا نوێنەرانی (پدك) ، نوێنەری (حسيك)ێش بریتی بوون لە: ڕەسول مامەند، تاهر عەلی والی، نوێنەری (حشع)یش پێکهاتبوون لە: ئەحمەد بانیخێلانی و فاتح ڕەسول)، لە (ڕاژان)ی ڕوژهەڵاتی کوردستان، لە بارەگای (م.س- پدك) لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ پەیمانی هاوکاری لەژێر ناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق (جود) موردەکەن...بۆ زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ... ، ب٤، ب١،ل ل ٣٢١- ٣٣٤؛ فاتح ڕەسولی، چەند لاپەرەیەك... ، ب٢، ل ل ٩١- ٩٤. بۆ یەکەم جار هەواڵی مۆرکردنی بەرەی (جود) لە بەیانی رۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠، لە (ئێستگەی دەنگی کوردستانی –عێراق)، بەناونیشانی:(مژدەی خۆشی و خەبات و سەرکەوتنی ئیرادەی گەڵ)، بڵاوکرایەوە و راگەیاند:"بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق لە پێناو ڕووخاندنی رژێمی بەعس ،دامەزراندنی عیراقێکی دیموکراسی وحکمی زاتی ڕاستەقینە بۆ کوردستان دامەزراوە"...بۆ زیاتر لەبارەی ئامانجەکانی بڕوانە: ئێزگەی دەنگی کوردستان- عێراق، هەواڵ،" مژدەی خۆشی و خەبات و سەرکەوتنی ئیرادەی گەل"، لە ٢٩/ ١١/ ١٩٨٠.

4- ئۆردوگای زێوە دەکەوێتە دەشتی مرگەوەڕ لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئاداری ١٩٧٥، بەهەزاران ئاوارەی کوردانی کوردستانی عێراق تێیدا نیشتەجێبوون، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥ فڕۆکەکانی عێراق هێرشدەکەنە سەر ئۆردۆگای ناوبراو، لەئەنجامدا ١٢٠ کەس بوونە قوربانی و ٣٠٠ کەسی دیکە بریندداربوون. بۆ زیاتر بروانە: م.س-پ.د.ک، بەیان، ''یادی شەهیدانی ئۆردۆگای زێوەش هەتا هەتایە هەر زیندوو ئەمێنێتەوە''،لە ١٢ی ٦ی ١٩٨٥؛ م.س-پدک، بەیاننامە، ''چلەمین ڕۆژی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە"،لە ١٩٨٥/٧/١٩. بەڵام لە هەندێک سەرچاوە قوربانیانی زێوە بە ٢٠٠ کەس و برینداره‌کانیش بە ٣٠٠-٤٠٠ کەس مەزەندە دەکرێت... بۆ زیاتر بڕوانە: محەمەد مەلا ، سەربوردە...، ل١٦٩.

## لیستا ژێدەران

## یەکەم : پەرتوکێن ب زمانێ کوردی


- جمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کورد، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کوردنامە، بریتانیا- لەندەن، ٢٠٠٢ .
- حەسەن بارام، مەوسوعەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق ١٩١٨- ٢٠٠٥، چ١، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠١٢ .
- حەمید ئەبوبەکر، ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکان هەڵدەداتەوە،چ١،چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠١٤.
- د.حامید محمود عیسا ، کیشەیی کورد لە عیراقدا ، و:سوارە قەلادزەیی ، چ١ ، هەولێر،٢٠١٤ .
- د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراق لەسالەکانی جەنگی عیراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠٠٨ .
- دەستەیی ئینسکلوپیدیای ( پ.د.ک ) ، مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان ( کۆنگرەو کۆنفرانس – پرۆگرام و پەیوەندی ناوخۆ ) ، چ١ ، ب ١ ، چاپخانە رۆژهەلات ، ب.ش.چ ، ٢٠٢١ .
- سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەک نمونە، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش، ٢٠١١ .
- علی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠٠٩ .
- فاتح رەسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان (ڕووداو و بەڵگەنامە) ١٩٨٠- ١٩٨١، ب٢، چ١، سوید، ١٩٩٢ .
- فوئاد سدیق ،گەردەلوولی سیاسەت،ب١،چ٢،چاپخانەی خانێ،دهوک، ٢٠٠٨ .
- فەلەکەدین کاکەیی ، کۆ بەرهەم ، ب٨ ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٥ .
- کرمانج گوندی (کەریمی مەسفی)، سی سال خەبات و ولاتێکی وێران ١٩٦٠- ١٩٩٠، چ١، سوید، ١٩٩٠ .
- کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی (١٩٤٤- ١٩٨٧) ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چ١، چاپخانەی هێمن، هەولێر، ٢٠١٩ .
- کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخویی، و: حەسەن ڕەستگار، چ١،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ڕوژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

- کەندال و ئەوانی تر ، گەلێکی پەژمودەو نشتیمانیکی پەرت ، و: م.گۆمەیی ، چ١ ، سوید ، ١٩٩٨ .
- ماجد خەلیل فەتاح ، رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان (١٩٦٠-١٩٨٠ ) چ١ ، چاپخانەیی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ .
- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٧٥ -١٩٩٠، ب٤، ب٢،چ١، چاپخانەی روکسانا، ب.ش، ٢٠٢١ .
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خولە مێشدا (بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس)، چ١، سوید، ٢٠١٠ .
- یوسف محمد یوسف ، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ١٩٨١ -١٩٩ ، چ١ ، چاپخانە هیڤی ، هەولێر ، ٢٠٢٠ .

دووەم : پەرتوکێن ب زمانێ عەرەبی

- حامید محمود عیسی ، القضية الكرية في العراق من الأحتلال البريتانى حتى الغزو الأمريكى ١٩١٤ -٢٠٠٣ ، ب.م ، ٢٠٠٥
- سامی عبدالرحمن ، من اوراقي ، ط١ ، مطبعة گەڵ ، ب.م ،١٩٩١
- صلاح الخرسان ، التيارات السياسية فى كردستان العراق ١٩٤٦-٢٠٠١ ،ط١،بيروت- لبنان،٢٠٠١
- على سنجارى، اوراق من ارشيف كردستان،ج٢، ط١، مطبعه خانى، دهوك، ٢٠١٣ .
- المحامى كوڤان،اضواء على البديل الثوري للحركة التحررية الكردية- دراسة سياسية تحليلية على هامس تجربة نضالية، ط١، ب.م. تموز ١٩٨٤ .
- نورى شاويس ، من مذكراتي ،ط١ ، ب.م ، ب.س

سێیەم : بەلاوکراوەکانی پارت و لایەنە سیاسیەکان

أ - بە زمانی کوردی

- راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفرانسی پارتی یەوە لە (١١ – ١٥)ی ئاب ١٩٧٦ پەسەندکراوە
- س.ک-پدک ، بریارە سیاسیەکانی کۆنفرانسی بەرلین سەرکردایەتی کاتی پارتی – ئابی ١٩٧٦ .
- س-پدک، بەیاننامە، ''چلەمین رۆژی شەهیدانی ئۆردوگای زێوە"،لە ١٩٨٥/٧/١٩ .

- م.س-پ.د.ک، بەیان، "یادی شەهیدانی ئۆردۆگای زێوەش هەتا هەتایە هەر زیندوو ئەمێنێتەوە"،لە ١٢ ی ٦ ی ١٩٨٥.
- ئێزگەی دەنگی کوردستان- عێراق، هەواڵ،" مژدەی خۆشی و خەبات و سەرکەوتنی ئیرادەی گەل"، لە ٢٩/١١/ ١٩٨٠.

ب – ب زمانێ عەرەبی

- البدايات والآفاق، تقرير الكونفرانس الاول لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، قدم سامي عبدالرحمن، من منشورات ا لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، مطبعه گەل، كردستان، ١٩٨٨، ص١٥٢.
- البديل الثورى في الحركه التحررية الكوردية ن القرير السياسى للمؤتمر التاسيس لحزب الشعب الديمقراطى في الكردستانى ٢٦/٣٠- تموز ١٩٨١- قدمة سامى عبدالرحمن .
- ح.د.ك – ق.م، بيان ، " بمناسبة مرور عام اتفاقية ١٦اذار الخيانية " ، في ٦ أذار ١٩٧٦ .
- ح.د.ك – ق.م، بيان ، " تحية الى ثورة أيار الوطنية التقدمية في ذكراها الأولى "، في ٢٦ أيار ١٩٧٧ .
- ح.د.ك –ق.م – فرع امريكا وكندا، بيان، " البارزاني في ذمة الخلود "، في أذار ١٩٧٩ .
- ح.د: -ق.م – لجنة الأعلام ، " انتخاب المناضل مسعود بارزانى رئيسأ والمناضل سامى سكرتيرا عامأ للحزب الديمقراطى الكردستانى – القيادة المؤقتة " في ١٩٧٩/٧/٥ .
- حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، قرارات المؤتمر التاسيسي المنعقد، من ٢٦تموز-٣٠تموز ١٩٨٢.
- اللجنة المركزية لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني البلاغ الختاسى للمؤتمر التأسيسي للحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني،في ١٥/٨/ ١٩٨١.
- للجنة المركزية الشعب الديمقراطي الكردستانى، البلاغ الختامي للمؤتمر التاسيس الحزب الشعب الديمقراطي الكردستانى، في ١٩٨١/٨/١٥.
- م.س-الحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، بيان، "بمناسبة انضمام حزبنا الى الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية"،في ١٩٨٢/٥/١٥.

چوارەم : أ- رۆژنامە ب زمانێ کوردی

- برایەتی، ڕوژنامە، ژ:(١٦٥٨)،٣٠/٥/١٩٩١.
- برایەتی، ڕوژنامە، ژ:(١٦٥٥)،٢٧/٥/١٩٩١ .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ب _ رۆژنامە ب زمانێ عەرەبی

- گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(١٤)، اذار ١٩٨٥.
- گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(١٠)، اذار ١٩٨٤ .
- كفاح الجبهة، الجريدة، ع:(١)، تشرين الثاني ١٩٨٤.
- گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(١١)، كانون الاول، ١٩٨٤.
- گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(٢٦)، اواخر آب ١٩٨٧.
- گەل (الشعب)، الجريدة، ع:(٢٠)، كانون الثاني ١٩٨٦.

پێنجەم : گۆڤارەکان

- متين، مجلة ، ع : (٥) ، شباط ١٩٩٦ .
- باوەگورگور، گۆڤار، ژ:(٥)، کانونی دووەمی ١٩٨٦.
-

شەشەم : نامێن ماستەرێ

- شوان حسين شينك بالەكی ، جەوهەر نامق سالم ( ١٩٤٦-٢٠١١ )-ژیان و بەرهەم و رۆلی سیاسی ، نامەیی ماستەر ، ( بلاونەکراوە ) ، فاکەلتی ئاداب ، بەشی مێژوو ، زانکۆیی سۆران ، ٢٠١٦ .
- نجم الدين عبدالله اسماعیل ، بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر لە نێوان (١٩٧٠-١٩٧٩ ) ، لێکولینەوەیەکی مێژوویە ، نامەی ماستەر ( بلاونەکراوە ) کولیژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠١٤ .
-

حەفتەم : چاوپێکەتنی کەسایەتیەکان

- چاو پێکەوتن لەگەڵ شەفیق قەزاز ، سلێمانی ، ٢٠١٥/١٢/١٩ .
- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی ، میحوەری باشیک ، ٢٠١٦/٣/٢٠ .
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم یونس رۆژبەیانی ، میحوەری باشیک ، ٢٠١٦/٣/٢٠
- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولا ئاگرین ، هەولێر ، ٢٠٢٤/١١/١.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی ، ئاکرێ ، ٢٠٢٥/٢/٢٠ .
- چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور ، میحوەری خازر ، ٢٠١٦/٣/٣ .
- چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆک، ٢٠١٦/٢/٢٥.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد میکایل ، ئاکرێ، ٢٠٢٥/٢/١ .
- چاوپیکەوتن لەگەڵ د. کەمال کەرکوکی، هەولێر، ٢٠٢٥/٣/٣.
-

هەشتەم : دەست نووس

- فوئاد میرانی ، دەست نوس ( بلاو نەکراوە )

**List of sources**

**First: Books in Kurdish**


- Jamal Nabaz, Kurdish National Thought, Vol. 1, Kurdname Publications, London, 2002.

- Hassan Baram, Encyclopedia of Kurdistan and Iraq Political Parties 1918-2005, Vol. 1 ,Rahand Printing House, Sulaimani, 2012.

- Hamid Abubakr, Asad Khaylani Rewrites the Book of Memories, Vol. 1, Hivi Printing House, Erbil,

- Dr .Hamid Mahmoud Isa, Kurdish Problem in Iraq, W: Suwara Qaladzeyi, Vol. 1, Erbil,

- Dr .Ali Tatar Nerwayi, Kurdish National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan in the Years of the Iraq-Iran War (1980-1988), Haji Hashim Printing House, Erbil.٢٠٠٨ ,

- Encyclopedia Committee (PDK), History of the Kurdistan Democratic Party (Congress ,Conference, Program and Internal Relations), Vol. 1, B. 1, Rojhelat Printing House, B.S.C,.

- Salam Abdulkarim, Political Life in South Kurdistan 1975-1991, The Rise of the Socialist Movement and the Formation of the Kurdistan Socialist Party as an Example, Vol.

- Ali Kandi, Encyclopedia of History, Vol. 1, Ministry of Culture and Youth Printing House, Erbil, 2009.

- Fatih Rasul, Some Pages in the History of the Kurdish People's Struggle (Rudaw and Documents) 1980-1981, B2, Ch1, Sweden,

- Fuad Sadiq, Storm of Politics, B1, Ch2, Khane Printing House, Duhok, . . . .

- Falakedin Kakeyi, Ko Barham, B8, Rojhelat Printing House, Erbil,

- Karmanj Gundi (Karim Masfi), Thirty Years of Struggle and a Destroyed Country ,١٩٩٠-١٩٦٠ Vol. 1, Sweden,

- Karwan Jawhar Mohammed ,Idris Barzani (1944-1987) Life and Political and Military Role in the Kurdish Liberation Movement, Volume 1, Hemn Printing House, Erbil,

- Chris Kochera ,Kurdish National Movement and the Will to Independence, and: Hassan Rastgar, Vol. 1 ,Rojhelat Publishing House, Erbil, 2013.

- Kendal and others, a broken people and a divided nation, and: M. Gomayi, vol. 1 ,Sweden,

- Majid Khalil Fatah, Political Organizations of Northern Kurdistan (1960-1980) Vol. 1 ,Haji Hashim Printing House, Erbil,

- Massoud Barzani, Barzani and the Kurdish Liberation Movement 1975-1990, B4, B2, Ch1, Roxana Printing House, B.Sh ,

- Nawzad Ali Ahmad, A Spot in the Fly (An Important Part of the Biography of Homer Sheikh Moos), Vol. 1, Sweden,

- Yousef Mohammed Yousef, Kurdistan People's Democratic Party 1981-199, Vol. 1, Hivi Printing House, Erbil,

Second: Books in Arabic

- Hamid Mahmoud Issa, The Black Case in Iraq from the British Occupation to the American Invasion 1914-2003, BM,

- Sami Abdulrahman, Man Awraqi, Vol. 1, Gal Printing House, BM,

- Salah al-Khursan, Political Preparations in Iraqi Kurdistan 1946-2001 , Vol. 1 , Beirut-Lebanon,

- Ali Sanjari, Papers from Kurdistan Archives, Vol. 2, Vol. 1, Khani Printing House ,Duhok,

- Lawyer Kovan, Refutation of the Revolutionary Alternative to the Kurdish Liberation Movement - An Analytical Political Study on Hams's Struggle Experience, Vol. 1 ,B.M. July 1984.

- Nuri Shawis, From Memoirs , P1 , B.M., B.S

Third: Publications of political parties

A - In Kurdish

- Political Report of the Interim Leadership of the Kurdistan Democratic Party (KDP (approved by the KDP Conference on August 11-15, 1976

- SK-PDK ,Political Decisions of the Berlin Conference of the Interim Leadership of the Kurdistan Workers Party (PKK) – August 1976.
- S-PDK ,Statement, “40th Day of Martyrs of Zewa Camp”, 19/7/1
- MS-PDK ,Statement, “The memory of the martyrs of Ordoga Zevesh will remain alive forever”, June 12, 1985.
- Voice of Kurdistan-Iraq, News" ,Good news of happiness, struggle and victory of the will of the people.١٩٨٠/١١/٢٩ ,"

b – B in Arabic

- Al-Badayat wa al-Afaq , Speech of the First Conference of the Kurdistan Democratic People's Party, by Sami Abdulrahman, from Publications of the Kurdistan Democratic People's Party, Gal Printing House, Kurdistan.١٥٢ص ,١٩٨٨ ,
- Al-Badil al-Thawri in the Kurdish Liberation Movement is a political reader for the founding of the Democratic People's Party in Kurdistan 26/30- July 1981- Sami Abdulrahman.
- HDK-QM ,Statement" ,On the Occasion of the General Traffic of the March 6 Treason Agreement ,"March 6,
- HDK-QM ,Statement" ,Greetings to the National Progressive May Revolution in its First Commemoration , "May 26,
- HDK-QM-US and Canada Branch, Statement, “Al-Barzani in the Oil Consumption”, March
- HD - :QM - Information Committee" ,Election of Mr. Massoud Barzani as Chairman and Mr. Sami as Secretary General of the Kurdistan Democratic Party - Interim Leadership "on 5/7/1
- Kurdistan Democratic People's Party, Resolutions of the Founding Conference held from July 26-July 30. 1982 ,
- Central Committee of the Kurdistan Democratic People’s Party Final Statement of the Founding Conference of the Kurdistan Democratic People’s Party. ١٩٨١/٨/١٥ ,
- To the Central Committee of the Kurdistan Democratic People’s Party, Final Statement of the Founding Conference of the Kurdistan Democratic People’s Party, 15/8/1981.

- The Kurdistan Democratic People's Party, Statement, “On the Occasion of Joining Our Party to the Democratic National Front١/٥/١٥ ,”

Fourth: a- Newspaper in Kurdish
- Brotherhood ,newspaper, No. (1658), 30/5/1
- Brotherhood ,newspaper, No. (1655), 27/5/1

b) Newspaper in Arabic

- People) Al-Shaab), Al-Jaridah, A: (14), March
- People) Al-Shaab), Al-Jaridah, A: (10), March
- Kafah al-Jabhah, al-Jaridah, A: (1), November
- People) Al-Shaab), Al-Jaridah, A: (11), December 1,
- People) Al-Shaab), Al-Jaridah, A: (26), late August
- People (Al-Shaab), Al-Jaridah, A: (20), December 1986.

Fifth: Magazines
- Matin, Magazine, A: (5), February
- Bawgurgur ,Magazine, No. 5, December

Sixth: Master's degree
- Shuan Hussein Shink Balaki, Jawhar Namq Salim (1946-2011)-Life, Works and Political Role, Master's Thesis, (Unpublished), Faculty of Arts, Department of History ,Soran University,
- Najmuddin Abdullah Ismail, Political Situation in Erbil between 1970-1979, A Historical Research, Master's Thesis (Unpublished), College of Literature, Salahaddin University, Erbil,

Seventh: Interviews with personalities
- Interview with Shafiq Qazaz, Sulaimani, 19/12/2
- Interview with Hamid Effendi, Bashik Front, 20/3/2
- Interview with Col. Younis Rojbayani, Bashik Front, 20/3/2
- Interview with Abdullah Agrin, Erbil, 1/11/2
- Interview with Tarq Akreyi, Akre, 20/2/2
- Interview with Arif Taifur, Khazir Front, 3/3/2
- Interview with Fuad Mirani, Duhok, 25/2/2
- Interview with Ahmad Michael, Akre, 1/2/2
- Interview with Dr. Kamal Kirkuk, Erbil, 3/3/2

Eighth: Handwriting
- Fuad Mirani, manuscript (unpublished(